# ڕۆشناییەک بۆ سەر کاری شانۆیی لە شەقڵاوە

## بەشی یەکەم



Handren88@hotmail.com

بۆ ئەو کەسانەی کە گرینگی بەم بوارە ئەدەن ئەتوانن لە ریگای ئەم لینکە و کلیک کردن لەسەر شانۆ زیاتر ئاشنا بن بە هەندێک لەم کارە شانۆیانە.

http://roshenbiry.googlepages.com

ئەگەر ئەمە ئەو کارانە بن کە دواجار **تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە** نمایشی کردن، بێگومان ئەوە یەکەم کاری شانۆیی نین لە شەقڵاوە، بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر مێژووی کارە شانۆیەکان لە شەقڵاوە پێویستمان بە هاوکاریەکی زۆری ئەو ئارەزومەندانەی شانۆ هەیە کە بەشداری کارە سەرەتایەکانی شانۆیان کردوە لە شەقڵاوە، من لێرەدا وەک دەروازەیەک بەپێی ئاگاداری خۆم ڕۆشنایی ئەخەمە سەر هەندێک لەو کارانە هەر چەند ئەزانم کە کەلێنی زۆری تیادا ئەکەوێت، بەڵام بە ئومێدی ئەوەم کە لە دوای ئەم نووسینە هەم بە خۆم و هەم لە ریگای برادەرەکانم بتوانم زانیاری زۆرتر دەربارەی کاری شانۆیی لە شەقڵاوە کۆبکەینەوە، وە هیوادارم کە کەسانیتری شارەزا و بە ئاگا بتوانن ئەم لایەنەی کاری هونەریە کە مێژوویێکی ناڕۆشەنی هەیە ڕۆشەنی بکرێتەوە.

بەپێی هەندێک لە سەرچاوە جیاوازەکان کە لەلای من تەواو ڕۆشەن نین و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆتر هەیە، ئەویش یەکەم هەوڵی دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی لە شەقڵاوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سەفین ئەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر بەلای خەلکەوە دیار و ئاشکرایە لە بارەی شانۆ لە شەقڵاوە ئەو کارە شانۆیانەن کە لە بۆنەکاندا لەگەڵ ئاهەنگ و سەیرانکردن نمایشکراون، ئەوەش زیاتر لە سەیران و ئاهەنگی نەورۆز بووە، شانۆی کاوەی ئاسینگەر یەکێک بووە لەو کارانەی کە لە زووەوە خەلکی کوردی بەرەو کاری شانۆیی بردووە وە ئەمە شەقڵاوەشی گرتۆتەوە، نمایشکردنی شانۆی کاوەی ئاسینگر ئاسانترین ریگا بووە بۆ ڕۆنکردنەوە و گێڕانەوەی مێژووی نەورۆز، لەگەڵ ئەوەش کە شانۆیەکە بە هەندێک بڕگە و دیمەنی کۆمیدیانە دەوڵەمەند کراوە بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی خەلکانێکی سادە زۆتر بەلای خۆیدا راکێش بکات، ئەوەی لەم باسەدا گرینگە وە پێویستە بەدوا داچوونێکی زۆتری بۆ بکرێت ئەو سەرەتایەیە کە ئەبێتە بنەمایەک بۆ دوای خۆی، هیوادارم دەرفەتی ئەوەم ببێت و بتوانم ئەو یەکەم کەسە بدۆزمەوە کە یەکەم شانۆی لە شەقڵاوە ئامادەکردووە وە بتوانم

ئەو ئەکتەرانە بدۆزمەوە کە بەشداری یەکەم کاری شانۆییان لە شەقڵاوە کردوە، هەرچەندە من لەو باوڕەدام کە یەکەم کاری شانۆیی کارێکی بە کۆمەڵ بووبێت و وەک چاولێکردنێک لە ناوچەکانیتری کوردستان گواسترابێتەوە بۆ شەقڵاوە، بە هەر شێوەیەک بێت سەیر لەوەیە کە تا ئێستا کەسێکی ئەکادیمی و شارەزا لە هونەری شانۆ لە شەقڵاوە نیە، هەر هەموو ئەو کارانەی کە لە زەمەنە جیاوازەکاندا پێشکەش کراون لەلایەن خەلکانێکی ئارەزومەندی شانۆ و نواندن بووە، دیارە ئەم هەژاریەی شەقڵاوە هەر لە بواری شانۆ نیە بەلکو لە بوارەکانیتریش ئەم هەژاریەی تەواو پێوە دیارە کە پێویستە بە دریژتر باسی لێوەبکرێت.
شانۆ یان کە پێی گووتراوە تەمسیل لە یادگاری خەلکێکی زۆری شەقڵاوە هەیە کە وەک باسمان کرد لە سەیرانەکانی ئاهەنگی نەورۆز پێشکەش کراون رەنگە وێنەی ئەم کارانە لەلای خەلکانێک دەست بکەوێت و بتواندرێت بە دواندنی کەسە بە تەمەنەکان زۆر لایەنی گرینگمان بۆ رۆشەب ببێتەوە، لێرە ئەبێت دەستخۆشی لە هاوڕێم هیشەنگ شێخ مەحەمەد بکەم بەوەی کە کاتێکی زۆری خۆی تەرخانکرد بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمە شعریەکانی شاعیرانی شەقڵاوە، وە توانیویەتی بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕیانیتر ئازا عەبدولا مەحمود و سامان عەزیز و زیاد مەحەمەد چەند چاوپێکەوتنێکی گرینگ لەگەڵ چەندین کەسایەتی جۆراوجۆری شەقڵاوە سازبکەن و ئەزموونەکانیان تۆمار بکەن، بەو ئومێدەم کە بۆ کۆکردنەوەی کار و بەرهەمە شانۆیەکانیش کاری شایستە بەخۆی بکرێت.
من ئەلێرەدا هەوڵ ئەدەم هەندێک لە ئەزموونەکانی خۆم و بەشێکی ئەو کارانەی کە لە یادم ماون باسیان لێوە بکەم، سەیرانگای حاجی بایز و دەربەندی شەقڵاوە گۆڕێ ئاروان، ئەو شوێنانە بوون کە زۆربەی ساڵەکان لە یادی نەورۆز هەرچی خەلکی شەقڵاوە هەیە خێزان خێزان لەیەکتر کۆئەبونەوە و بە شایی و گۆرانی و گاڵتەو گەپ و خواردنی هەمەجۆرە و جوانترین جل وبەرگەکانیان دونیایەکی پڕ لە خۆشی پێکەنینیان بۆ خۆیان ئەهێنا ئاراوە، زۆرجار لەم سەیرانگایانە کەسانێک شوێنێکیان وەک تەختەی شانۆ ئامادە ئەکرد و لەوێوە دەنگی گەورەی بڵندگۆکان هەموو سەیرانگاکەیان پڕ ئەکرد گۆرانی نەورۆز و هەندێکجار سروودی نیشتمانی و جار بەجار خوێندنەوەی کۆپڵە شعرێک و دوایش گۆرانی هەڵپەڕکێ کۆمەڵ کۆمەڵ ئەو خەلکەی لە جێگای خۆی ئەخستە هەڵپەڕین،تا ئەو کاتەی لە پڕ خەلک ئاگادار ئەکرایەوە کە پاش کەمێکیتر تەمسیلی کاوەی ئاسینگر دەست پێئەکات، ئیتر خەلکانی ئەم سەیرانگایە وورده وورده شوێنەکانی خۆیان جێئەهێشت یان بە کەلوپەلەکانیان جێگاکەی خۆیان ئەگواستەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بتوانن شانۆگەریەکەی لێوە ببینن، بەداخەوە ئەو کات من منداڵ بووم، ئەکتەرەکانم نەئەناسین، بەڵام خەلکەکەم ئەبینی کە چۆن ئەکەوتنە چەپڵو فیکەکردن و قاقای پێکەنینەکانیان ئەو دەشت و دۆڵەی بڕ ئەکرد، بە تایبەت سەرەتای شانۆ کە بە هورگنی خزمەتکاری زوحاک دەستی پێئەکرد دوایش خەلکەکە لە خۆشی کوشتنی زوحاک ئەکەوتنە خۆشی چەوڵە لێدان و لەگەڵ ئەکتەرەکان گۆرانی ئەمڕۆژەی ساڵی تازە یە نەورۆزە هاتەوە، چەژنێکی کۆنی کوردە .............
بەڵام دیارە لە زەمەنە جیاوازەکان و بەپێی بار و دۆخە سیاسیەکان ئەم ئاهەنگ و سەیرانانە جگە لە نەورۆز لە رۆژەکانیتری وەک یەکی ئایار و دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان و بۆنەیتری تایبەت بە پارتەکان هەندێک دەقیتری شانۆیی نمایش ئەکران، من بەبیرم دێت ساڵێکیان حیزبی شوعی عێراق لە یەکێک لە سەیرانگاکان شانۆیەکیان سەبارەت بە کێشەی نێوان جوتیار و دەرەبەگ نمایش کرد، ئەو کات من رەنگە تەمەنم لە چوار پێنج ساڵێک بووبێت، بە هۆی ئەوەی کە یادگاریەکی خۆشم لەگەڵی هەیە وەک خەونێک بەبیرم ماوە، باوکم حەمەدەمین مەحمود گاوان یەکێک بوو لە ئەکتەرەکان، رۆڵی ئاغای ئەبینی، لە کۆتایی شانۆیەکە من بینیم خەلکێکی زۆر بەدوای باوکم رائەکەن و داس و خاکەناس و شتی لەم بابەتەیان بەدەستەوە بوو و هەڕەشەی کوشتنیان لە ئاغا ئەکرد کە باوکم بوو باوکیشم لە دەست ئەم خەلکە رایئەکرد و تەختەی شانۆی بەجێ هێشت و هاتە ئەو گۆڕەپانەی بەردەم سەکۆی شانۆ و منیش بە گریانەوە بۆ لای باوکم غارمدا و هاوارم ئەکرد بابم مەکوژن بابۆ بابۆ بابۆ........

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی حەزی من بۆ کاری شانۆ بۆ ئەو کات بگەڕێتەوە، بەڵام لە دوای ئەوەش چەندین کاریتری شانۆیی لە قوتابخانەکان نمایش ئەکران لەلایەن قوتابیەکانەوە، بەداخەوە کە بەتەواوی ناوی هەموو ئەو کەسانە نازانم، بەڵام جارێکیتر ئەیڵێمەوە بە ئومێدی ئەوەم کە بتواندرێت بە هەموومانەوە کارێکی وا بکەین تیادا هەموو ئەو کەسانە بنووسینەوە کە لە دوور یان لە نزیک بەشداری ئەم کارە شانۆیانەیان کردوە لە شەقڵاوە.
ئەوەی شایەنی باسە بەلای منەوە گرینگی هەیە بەشداری کردنی ئافرەتە، ئەوەی کە من بەبیرم دێت و خۆم ئامادەی بینینی شانۆیەکە بووبم کە ئافرەت بەشداری تێداکردوە، شانۆگەریەک بوو لە قوتابخانەی کاوێس نمایش کرا پێم وایە زیاتر لە کچێک بەشداری کردبوو بەڵام من ئەو کچە مەسیحیەم تەواو بەبیر دێت کە ناوی ئازادی بوو.
بینینی ئەم کارە شانۆیانە لە زەمەنە جیاوازەکان و لە بار و دۆخە جیاوازەکان و هەستکردن بە کاریگەری شانۆ بەسەر هەست و بیری بینەر وایلێکردم کە حەزی شانۆ لەناومدا بڕوێت بەبی بوونی هیچ زانیاریەکی ئەکادیمیانە لەبارەی شانۆ، واتە ئەوەی منیش وەک ئەوانەی پێش خۆم تەنها لە حەز و ئارەزووەوە بوو، یەکەم کار لە قۆناغی دوا ناوەندی بووم لە قوتابخانە لەگەڵ چەند هاوپۆلێکم هەڵسااین بە ئامادەکردنی کارێکی شانۆیی، ئەم کارە بۆ ئێمە زۆر قورس بوو، بەڵام خومان خستە ژێریەوە و بە کارێکی کۆمیدیانە دەستمان پێکرد کە دەقەکەی بریتی بوو لەو کارانەی کە پێشتر بینیبووم، دوای ئەوە لە هەوڵی ئەوە دابووین کە بتوانین زۆتر پەرە بەخۆمان بدەین و بتوانین کاری سەرکەوتووانەتر نمایش بکەین، بەڵام لەلایەک ترس و لەلایەک ناشارەزایی و لەلایەکیتر کۆنترۆلی بەعسیەکان وەک ڕێکخراوی قوتابیان نەیانهێشت کاری ئەو تۆ بکەین کە ببێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ گەشەکردنمان.
هەموو ئەوەی پێشەوە لە ناو من و لەناو زۆر لە برادەرەکانم پەنگی خواردبووەوە، بۆیە لە دوای ئەو گۆڕانکاریانەی ساڵی ١٩٩١ وامانزانی ئەوە ئەو زەمینەیە کە بتوانین خەونە کپکراوەکانمان لە ناویدا بڕوێنین و بتوانین سەرەتایەکی ڕەگ و ریشەدار بۆ زۆر بواری ئەدەبی و هونەری و ڕۆشەنبیری دابوکتین و لە ناویدا خەونی خەلکیتری شەقڵاوە بێنەدی، هەر بەو مەبەستە یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە دامەزرا و لە ناویدا یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکان دامەزراندنی تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە بوو کە لە ڕاستیدا وەرچەرخانێکە لە ڕەوتی شانۆ لە شەقڵاوە،

لە بەشی دووەمدا ڕۆشنایی ئەخەینە سەر ئەو وەرچەرخانەی کە تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە لە شەقڵاوەدا دەیهێنێتە ئاراوە.
ئەلێرەدا جارێکیتر داواکارم لە هەموو ئەو کەسانەی کە زانیاریان لە بارەی کاری شانۆیی هەیە لە شەقڵاوە بە نووسین یان بە پەیوەندی کردنیان پێمانەوە هاوکار بن بۆ ئەوەی بتوانین هەر هەموومان بەیەکەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەم بوارە گرینگەی هونەر لە شەقڵاوە.







هەندرێن حەمەدەمین
٢٠ی ٣ی ٢٠٠٨